# عێراق لەبەردەم تەنگژەیەکی سیاسیی گەورە و بۆشاییەکی دەستووریدا






گوڵان
ژمارە (٧٨٨)
٢٠١٠/٧/٥



**((ئەوەی لە بەریتانیادا بە
پێنج کاتژمێر کۆتایی پێهات،
پێدەچێت لە عێراقدا پێویستی
بە پێنج مانگ بێت))**

**کریستۆفەر هیل باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا**



## عەلی عەلاق بۆ گوڵان:

# پشتگیری لە کاندیدکردنەوەی مام جەلال دەکەین و ئامادەین لەژێر سەقفی دەستووردا لەگەڵ کورد وتوویژ بکەین

**هەر کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران کاندید بکرێت، دەبێت پابەندبوونی خۆی بەدەستووری عێراقەوە رابگەیەنێت، ئەوجا فراکسیۆنی کوردستانی دەست بە وتوویژ لەگەڵیدا دەکات**

چوار مانگی تەواو بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی مانگی مارتی رابردوو تێدەپەرێت، هێشتا لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنەکە لەسەر میکانزمێك بۆ چۆنییەتی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو رێکنەکەوتوون، ئێستا لە عێراقدا بۆشاییەکی دەستووری هەیە، پەرلەمانی پێشوو هەڵوەشاوەتەوە و پەرلەمانی تازە یەك کۆبوونەوەی کردووە و ئێستا سەرۆکی پەرلەمان دیارینەکراوە، هەروەها هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و هاوپەیمانی عێراقی بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك وەزیرانیان لەدەست دەرنەچێت، یەکیانگرتووە و بەم یەکگرتنەش زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدەهێن، بەڵام هێشتا لەناو هاوپەیمانییە تازەکەدا لەسەر دەستنیشانکردنی کاندیدێك بۆ ئەو پۆستە رێکنەکەوتوون و هەروەها لە نێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکەشدا (کورد و سوننە و شیعە) هەتا ئێستا لەسەر دابەشکردنی سێ پۆستە سەروەرییەکە رێکنەکەوتوون، یان نەگەیشتوونە ئەو ئاکامەی چۆن ئەو سێ پۆستە سەروەرییە دابەش بکرێت، لەم ئاڵۆزی و بینە و بەردەیەدا فراکسیۆنی کوردستانی خۆی نەکردۆتە لایەنێکی کێشەکە و بەچەند خاڵێکی گشتی هەڵوێستی راگرتووە:

١- فراکسیۆنی کوردستانی تەحەفوزی لەسەر هیچ کاندیدێك نییە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، هەر کەسێك کاندید بکرێت بۆ ئەو پۆستە، فراکسیۆنی کوردستانی لەسەر بەرنامەکەی لەگەڵی دەکەوێتە وتوویژەوە.

٢- فراکسیۆنی کوردستانی مەرجی پێشوەختەی بۆ هەر هاوپەیمانییەك و دەسپێکردنی گفتوگۆ پابەندبوونە بە دەستووری عێراق و هەر کاندیدێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندید بکرێت، دەبێت پابەندبوونی خۆی بەدەستووری عێراقەوە رابگەیەنێت، ئەوجا فراکسیۆنی کوردستانی دەست بە وتوویژ لەگەڵیدا دەکات.

٣- فراکسیۆنی کوردستانی لە پۆستە سەروەرییەکان داوای پۆستی سەرۆك کۆمار دەکات و کاندیدی فراکسیۆنی کوردستانیش بۆ ئەو پۆستە بەرێز مام جەلالە.

بێجگە لەم هەڵوێستە راشکاوانەیە فراکسیۆنی کوردستانی خۆی تێکەڵاوی وردەکاری ئەو کێشانە نەکردووە کە لەلایەك لەنێوان لیستی ئەلعراقیە و لیستی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافدا هەیە، هەروەها خۆی تێکەڵاوی ئەوەش نەکردووە ئایا هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلاف، نوری مالیکی سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا وەك کاندیدی هەردوو لیست کاندید دەکەنەوە یان کاندیدی دیکەش هەڵدەبژێرێت، بەڵام وەك کریستۆفەر هیل لە موحازەرەیەکیدا لە ئامۆژگای چاتام هاوسی بەریتانی ئامارەی پێکردووە، پێدەچێت چانسی مالیکی بۆ ئەوەی ببێتە کاندیدی هەردوو لیستە گەورەکەی شیعە بەو ئاستە نییە، هیل لەموحازەرەکەیدا راشکاوانە بەمجۆرە باسی ئەو لایەنە دەکات: ((تا ئێستا مالیکی کەسێکی پەسەندکراو نییە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران لە لایەن زۆرێك لە شیعەکانەوە، هەروەها چەندین مشت و مڕی ناوخۆی لە ئارادایە لەسەر ئەم پرسە، بەڵام تا ئێستا بە هیچ ئەنجام و ئاکامێك نەگەیشتوون)). بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردن و راوەستانە کریستۆفەر هیل لەدوور و لەنزیك ئاماژە بە هەڵوێستی ئەمریکا ناکات سەبارەت بەوەی ئایا ئەمریکا پشتگیری لەمانەوەی مالیکی دەکات یان نە، بە تایبەتی کە دژایەتیکردنی کاندید کردنەوەی د.مالیکی بە پلەی یەکەم دەکات تەیاری سەدرە، نزیکەی ٤٠ کورسی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی بەدەستهێناوە لەکۆی ٧٠ کورسی و لەبەرامبەردا سەدر پشتگیری لەکاندیدکردنەوەی د.ئیبراهیم جەعفەری دەکات کە تەنیا ٦ کورسی لەکۆی ٧٠ کورسییەکەی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی بەدەستهێناوە، دژایەتیکردنی رەوتی سەدریش لە د.مالیکی لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە پرۆسە سیاسییەکەدا پێگەی د.مالیکی لەق دەکات، بەڵام

ئەمریکا حەز بـــە نزیکبوونەوەی تەیاری سـەدر ناکات و پێدەچێـت ئەمریکا لەم لایەنەوە پشتگیری د.مالیکی زیاتر بکات، هەروەها مەترسییەکی دیکە کەلە ئاڵۆزی پرۆسە سیاسییەکە و بۆشایی دەستووری لە بارودۆخی ئێستای عێراقدا دەخوێنرێتەوە، مەسـەلەی نارەزایـی و خۆپیشـاندانی هاووڵاتیانی باشـوور و ناوەڕاستی عێراقە بۆ دابینکرنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان وەك ئـاو و کارەبا، بێگومان ئەم نارەزایی دەربڕینانەش بەجۆرێـك لەجۆرەکان دەبێتە کارتێکی گوشاری دیکە، ئەمەش نەك بۆ ئەوەی پەلە لەپێکهێنانی حکومەت بکرێت، دەبێتە کارتێکی فشاری سیاسیی و لەوانەیە لەپرۆسەی دانوستاندکردندا بۆ پێکهێنانی حکومەت وەك کارتێکی سیاسـی لایەك دژی لایەکی دیکـە بەکاربێنێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی رۆژانـە کاری توندوتیژی خۆتەقاندنـەوە لە شـارەکانی باشـوور و ناوەڕاستی عێراق روودەن و چەندین کەس دەبنە قوربانی. بەڵام پرسـیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا چۆن کاندیدی ٣ پۆستە سەرووەرییەکە دیاری دەکرێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هێندەی پێوەندیی بەپێکهاتنی لایەنە سـەرەکییەکان لەدەرەوەی پەرلەمان هەیـە، هێنـدە پێوەندی بە نـاو هۆڵی پەرلەمانی عێراقەوە نییـە، لەبەر ئەوەی ئەگـەر لـەدەرەوەی سـەقفی پەرلەمان لایەنـەکان نەگەنە رێککەوتنێـك، لەناو پەرلەماندا رێککەوتـن ناکرێت. بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم پرسـە، ئەم پرسیارەمان ئاراسـتەی بەڕێز شارەزای یاسایی تاریق حەرب کرد و لێمان پرسـی: هەتا ئێسـتا پەرلەمـان تەنیـا توانیویەتـی یەکجار کۆببێتەوە و ئەو جارەش نەیتوانی سەرۆکی پەرلەمـان بۆخۆی دیاری بکات، ئەمەش بەو مانایە دێت کە پرۆسـەی سیاسی لە عێراقدا لەتەنگژەیەکی سـەختدایە، ئایا چـۆن دەکرێت ئەم پرۆسـەیە لەو قەیرانە رزگار بکرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسـیارەدا تاریق حـەرب بەمجۆرە بۆ ئـەم راپۆرتە سەرنجی خۆی دەربڕی و وتی: ((تاوەکو هەر یەکێك لە قەوارە یان هاوپەیمانێتیەکان بتوانێت زۆرینـە پێکبهێنێت لەپەرلەماندا کە بریتییـە لە لــە ٪٥٠+١ کە دەکاتە ١٦٣ کورسـی لە کۆی ٣٢٥ کورسـی، ئەوا شتێکی ئاسـاییە کە ئەم مەسەلەیە رەنگدانەوەی هەبێت لەسـەر پرۆسـەی



**فراکسیۆنی کوردستانی لە پۆستە سەرووەرییەکان داوای پۆستی سەرۆک کۆمار دەکات و کاندیدی فراکسیۆنی کوردستانیش بۆ ئەو پۆستە بەڕێز مام جەلالە**



## حاجم ئەلحەسەنی بۆ گوڵان:

# ڕۆڵی ئەمریکا لەم پرۆسەیەدا گرنگە و ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێت، لەو کەسانەم بانگەشەی ئەوە دەکەم کە دەبێت ڕۆڵێکی جیهانی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقدا

ڕۆژانە کاری توندوتیژی خۆتەقاندنەوە لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق ڕوودەن و چەندین کەس دەبنە قوربانی

پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی کە مەبەست لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و جێگرەکانی و وەزیرەکان و سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانییەتی. هەروەها کاتێك باس لەوە دەکرێت کە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت کاتێکی زۆری خایاند، ئەوا رایەکی پێچەوانەم هەیە بە بەڵگەی ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا کە لە ١٥ کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ ئەنجامدرا، ئەوا پێکهێنانی حکومەت کاتێکی زۆری بۆ تەرخانکرا کە لە ٢٠ مانگی ئایاری ٢٠٠٦دا متمانە بە حکومەت درا. واتە پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی زیاتر لە شەش مانگی خایاند، ئەمە لەکاتێکدا قەوارە و لایەنەکان لە پێگەیەکی بەهێزتردابوون)). شارەزای یاسایی تاریق حەرب ئەوە ناشارێتەوە کە نەتوانینی یەکلاییکردنەوەی سێ پۆستە سەرەکییەکە کاریگەری لەسەر پێکهێنانی حکومەت هەیە، ئەمەش بەو مانایەیە هەتا کێشەی کاندیدکردنی سەرۆك وەزیران یەکلایی نەکرێتەوە، ناتوانرێت کاندیدی سەرۆکی پەرلەمان و کاندیدی سەرۆك کۆمار یەکلایی بکرێنەوە.

هەر سەبارەت بەو بۆشاییە سیاسیی و دەستوورییەی ئێستا لەپرۆسەی سیاسیی عێراقدا هاتۆتە ئاراوە، پرسیارمان لە شێخ عەلی عەلاق کە یەکێکە لەسەرکردەکانی دەوڵەتی یاسا و حزبی دەعوا کرد، بەڵام ئەم سەرکردەیەی لیستی دەوڵەتی یاسا بەم راپۆرتەی راگەیاند کە ئەو ئەم بارەی ئێستا بە بۆشایی دەستووری و سیاسی نازانێت و لەمبارەوە وتی: ((تەحەفوزم هەیە لەسەر دەستەواژەی بۆشایی دەستووری، لەبەر ئەوەی لە عێراقدا دەستوور هەیە و یاساکان تەحەکوم بەم وڵاتەوە دەکەن و حکومەتێك هەیە کە دەسەڵاتی تەواوی هەیە، لەبەر ئەوە پێموانییە وڵاتەکە لەبۆشاییەکی دەستووریدا بێت، بەڵکو ئەم قۆناغە لە دەستووردا بە قۆناغی ئینتیقالی و بە قۆناغی بنیادنانەوە ناونراوە، کە دەبێت ئەنجومەنێکی نوێنەرانی نوێ لەجێی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوو دابمەزرێت و حکومەتی نوێ پێکبهێنرێت و حکومەتی ئێستاش بە ئاسانی دەسەڵات تەسلیم بکات. ئەوەی پەیوەست بێت بە پێکهێنانی حکومەتی نوێیەوە، ئەوا حاڵی حازر لایەنە پێوەندیدارەکان سەرقاڵی گفتوگۆن و لە راستیدا ماوەیەکی دیاریکراویشیان لەبەردەمدا ماوە بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە، کە ئەو ماوەیەش دەستوور دیاریکردووە، واتە لەم ڕووەوە لایەنەکان لە ژێر فشارێکی دەستووری و یاساییدان و دەبێت لەو ماوەیەدا ئەو کارە ئەنجام بدەن. کە ئەویش ڕێککەوتنە لەسەر پاڵێوراوی سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆك وەزیران و هەردوو جێگرەکەی، پێموایە لایەنە سیاسییەکانیش درك بەم مەسەلەیە دەکەن. لەلایەکی دیکەوە خەڵکی عێراقیش پەرۆشی ئەوەن لە دانیشتنی دووەمی پەرلەمانی نوێی عێراقدا ئەم دۆسیانە یەکلابکرێنەوە. هەروەها پێموایە گفتوگۆکانی ئێستا گفتوگۆی جددی و بەرپرسیارانەن و دەکرێت لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بگەینە ئەنجام)). بەڵام حاجم ئەلحەسەنی کە ئەویش وتەبێژی دەوڵەتی یاسایە راستییەکان وەك خۆی ئاماژە پێدەکات و ئەم بارودۆخەی ئێستا بە تەنگژە و گرێکوێرە لەقەڵەمدەدات و سەبارەت بەم پرسە تایبەت بەم راپۆرتە وتی: ((پێموایە رێگەی چارەسەر بۆ تەنگژەی ئەم بارودۆخە، بریتییە لە گەڕانەوە بۆ خودی ئەنجومەنی نوێنەران، چونکە لە رابردوودا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت پرسیارەکە پەیوەست بووە بە ئەگەری ئەوەی ئایا دەتوانین ئەنجومەنی نوێنەران بکەینە لایەنی یەکلاکەرەوەی کێشەکان یان نا، ئێستاش ئێمە ڕووبەڕووی هەمان پرس و کێشە بوینەتەوە و بە باوەڕی من جگە لە گەڕانەوە بۆ پەرلەمان چارەسەرێکی دیکەمان نییە. ئەوەی پێوەندی بە هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانەوە هەبێت، پێموایە ئەمە یەکێکە لە گرێکوێرە سیاسییەکان و چارەسەرکردنیشی پێویستی بەوە هەیە لایەنەکان لێبوردەیی و مرونەت بنوێنن، لەبەر ئەوە داوا لە لایەنە سیاسییەکان دەکەم ئەم راستیانە

لەبەرچـاو بگـرن و مـن یەکێکم لەو کەسانەی بانگەشە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم گرێکوێرانە دەکەم بێئەوەی ئەمە هاوشـان بێت بە دروستکردنی هیچ حەساسییەتێك. لە راستیدا درێژەکێشانی ئەم مەسەلەیە_ یەکلانەکردنـەوەی ئـەم پۆسـتـە_دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی کێشـەکان، باوەڕم وایە چارەسەرکردنیشـی پێویسـتی بەوە هەیە لایەنە پێوەندیـدارەکان لێبوردەیی بنوێنن. شەخسـی خـۆم داوای ئـەوە دەکەم ئەو لایەنانە لەسەر بناغەی لێبوردەیی رەفتار بکەن و هەوڵی گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هاوبەش بـدەن، پێموایە ئەمە لە کۆتاییدا روودەدات)). ئێمە بۆ ئـەم راپۆرتە رای هیچ کەسێکمان لە فراکسیۆنی کوردستانی وەرنەگرت، بەڵکو زیاتر جەختمان لەسـەر ئەو دوولایەنە کردەوە کە بەشێکی سەرەکی کێشەکەن، هەروەها پسـپۆرێکی یاسایی کە بێلایەنانە هەڵوێستی خۆی لەسەر ئەم لایەنە دەربڕێت.

**کۆبوونەوەکەی نێوان عەللاوی مالیکی**

ئەمریکا پشـتگیری لـە نزیکبوونەوەی نێوان لیسـتی ئەلعراقیە و دەوڵەتی یاسا دەکات، کریستۆفەر هیل باڵیۆزی ئەمریکا لەبەغدا سەبارەت بە کۆبوونەوەی یەکەمی نێوان مالیکی و عەللاوی راشـکاوانە لە باسەکیدا لە چاتام هاوس بە هەنگاوێکی پۆزەتیـف لە قەڵەمـی دەدات و دەڵێت: ((لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم دۆخە، ئەوا نزیکەی هەفتەیەك پێش ئێستا رووداوێکی سەرنجراکێش روویدا، ئەویش بریتی بوو لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی لیسـتی دەوڵەتی یاسـا و لیسـتی ئەلعێراقیە، ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی نێوان لیسـتێکی سـوننی و گەورەترین لیستی شیعەکانە. بۆچی من باسی هەموو ئەم رووداو و مەسەلانە دەکەم؟ لەبەر ئەوەی ئەمە سیاسـەتە، لە راستیدا ئەمە وەرزێکی سیاسـی راسـتەقینەیە. پرسیارەکە چیتر ئەوەنییە ئایا سیاسەت لە عێراقدا هەیە. چونکە لەعێراقدا سیاسەت هەیـە زیاتر لە کێشـە و پرسـی ئەمنی زاڵتر و زەقترە. پرسـیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو سیاسـەتەی عێراقییەکان پیادەی دەکەن دەبێتەهۆی گەیشـتـن بە چارەسەرێك بۆ کێشەکە)، وەسفی بۆ کۆبوونەوەی یەکەمی نێوان مالیکی و عەللاوی بە سەرنجراکێش و باسکردنی ئەوە سیاسـەتە و لەعێراقدا



هەتا کێشەی کاندیدکردنی سەرۆک وەزیران یەکلایی نەکرێتەوە، ناتوانرێت کاندیدی سەرۆکی پەرلەمان و کاندیدی سەرۆک کۆمار یەکلایی بکرێنەوە



## تاریق حەرب بۆ گوڵان:

# بەلای ئەمریکاوە گرنگ نییە چ لایەنێک دەسەڵات دەگرێتەدەست، بە مەرجێک پرۆسە سیاسییەکە بەردەوام بێت

ڕۆژانە کاری توندوتیژی خۆتەقاندنەوە لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق ڕوودەن و چەندین کەس دەبنە قوربانی

پرۆسەیەکی سیاسی بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی بزانن عێراقییەکان چۆن کێشەکانی خۆیان چارەسەر دەکەن، بەبارێکدا ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە بۆ ئەمریکا مالیکی و عەلـلاوی جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، ڕاستە عەللاوی شیعەیەکی عەلمانییەو نوێنەرایەتی لیستێك دەکات کە زۆرینەی سوننەیە، بەڵام د.مالکیش کە سەرۆکایەتی لیستی دەوڵەتی یاسا دەکات هەوڵیداوە لەو چوارچێوەیە بێتەدەرەوە کە لیستەکەی تەنیا کەسانی سەر بەحزبی دەعوە بن یان شیعە بن، بەڵام نیگەرانی لیستی دەوڵەتی یاسا لەو حاڵەتەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەمریکییەکان زیاتر پشتگیری عەللاوی بکەن نەك مالیکی، بە تایبەتی ئەگەر هاوپەیمانی نێوان دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلاف هەڵبوەشێتەوە و لە بەرامبەردا لیستی ئەلعراقیە قبوڵی نەکات مالیکی کاندید بکرێتەوە، ئەوا بۆ مالیکی باشترە هەر لەگەڵ ئیئتیلاف بمێنێتەوە نەك لەگەڵ ئەلعراقیە هاوپەیمانی دروست بکات،

سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی نێوان مالیکی و عەللاوی بەڕێز عەلی عەلاق بەمجۆرە بۆ ئەم ڕاپۆرتە هاتە ئاخاوتن و وتی: ((کۆبوونەوەی نێوان لیستی دەوڵەتی یاسا و ئەلعێراقیە درێژبوونەوەی گفتوگۆی نێوان لایەنەکانە و کۆبوونەوەی نێوان مالیکی و عەللاویش گوڕ و تین بەخشین بوو بەو گفتوگۆیانە، بەڵام ئاشکرایە کە هیچ ڕێککەوتن لەو کۆبوونەوەیە نەکەوتەوە، تەنیا بە شێوەیەکی گشتی باس لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و زەرورەتی پەلەکردن لە پێکهێنانی و پابەندبوون بە کاتەوە کرا کە دەستوور دیاری کردوون. هەروەها لەم ڕووەوە لیژنەی لاوەکی دروستکراون بۆ بەدواداچوونی مەلەفی گفتوگۆکان. لەلایەکی دیکەوە لیستی دەوڵەتی یاسا وەك بەشێك لە هاوپەیمانێتی ئیئتیلافی نوێ ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو، ئەمەش دەبێتە هۆی خێراترکردنی ڕەوتی لێکنزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە دادگای ئیتیحادی عێراق زۆر روون بوو لە بڕیارەکەیدا دەربارەی ئەوەی کوتلەیەك تەکلیف دەکرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ڕەنگە لیستی ئەلعێراقیە بیەوێت واقیعێکی دیاریکراو لە بەرژەوەندی خۆی بەسەر هەلومەرجی سیاسی عێراقدا بسەپێنێت و ئاشکرایە کە زۆرێك لە لایەنە سیاسییەکانی وڵاتەکە لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی ئەلعێراقیەدا هاوڕانین)).

بەڵام تاریق حەرب وەك چاودێرێکی بارودۆخەکە تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی نێوان عەللاوی و مالیکی بەمجۆرە بۆ ئەم ڕاپۆرتە خستە ڕوو: ((عەللاوی هەڵساوە بە موفاتەحەکردنی تێکڕای لایەنەکان و مالیکیش وەڕس بووە لە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانیدا، ئەویش لەبەر بوونی فرە سەرکردەیی لەم هاوپەیمانێتیەدا، بۆ نموونە سەرکردەکانی ڕەوتی سەدر، سەرکردەکانی ڕێکخراوی بەدر و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ئەم هاوپەیمانێتیە زیاتر لە پاڵێوراوێکی هەیە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، چونکە ئەمە ڕەنگدانەوەی واقیعی ئەو قەوارەیەیە. پێموایە کۆبوونەوەی نێوان مالیکی و عەللاوی ئەنجامی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی هەردوولایان باوەڕیان وایە کە ئەوان تەنیا دوو کەسێکن دەتوانن مەسەلەی پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی یەکلابکەنەوە و ئەوان وەڕس و بێزار و شەکەت بوونە لە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ قەوارەکانی دیکەدا، بۆ نموونە ئەو هاوپەیمانێتیەی لە نێوان دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمیاندا دروست بووە بڕیاریاندا لەسەر میکانیزمێك ڕێکبکەون بۆ دەستنیشانکردنی پاڵێوراوی سەرۆك وەزیران، بەڵام تا ئێستا ئەم میکانیزمە دانەنراوە، هەروەها ئەوان باس لە دەستنیشانکردنی چەند پاڵێوراوێك دەکەن، ئەمەش لە لایەکەوە نادەستووریە و لەلایەکی دیکەشەوە بەو مانایە دێت کە ئەمە هاوپەیمانێتی نییە، لەبەر ئەوەی هاوپەیمانێتی دەبێت لەسەر پاڵێوراوێکی دیاریکراو ڕێکبکەوێت. لەبەر ئەوە پێموایە کۆبوونەوەی نێوان مالیکی و عەللاوی، هەروەها کۆبوونەوەی سەرۆك کۆمار لەگەڵ نوێنەری لایەنە سیاسییەکاندا ئەنجام و ئاکامی لێدەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی

بەلای کەمەوە لە واوە دەستوورییەکەدا سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك کۆمار یەکلابکرێنەوە)). قسەکانی تاریق حەرب راشکاوانەتر لە قسەکانی عەلی عەلاق ئاماژە بەدیوی ناوەوەی کۆبوونەوەکەی نێوان عەللاوی مالکیی دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوە بەراشکاوی پیشان نادات ئایا عەللاوی دەتوانێت جێگەی ئیئتیلاف بۆ مالکیی بگرێتەوە یان نە ؟

**سەنگی کورد لە پرۆسە سیاسییەکەدا**

د.عامر حەسەن فەیاز کە بۆ ئەم ژمارەیەی گوڵان دیمانەکی تایبەتمان لەگەڵدا کردووە، سەبارەت بەگرنگی رۆڵی کورد ئاماژەی بەوەکرد، هەموو لایەنەکان سوورن لەسەر ئەوەی دەبێت کورد لە پێکهێنانی حکومەت بەشدار بێت و رۆڵێکی دیاریکراویشی هەبێت، فەیاز سەبارەت بەسووربوونی لایەنە عێراقییەکان سەرسامی خۆی لەوە پیشاندەدات، کە ئەو نازانێت ئەم سووربوونەی لایەنەکان لەسەر بەشداری کورد لە پێکهێنانی حکومەت لە قەناعەتیانەوەیە بۆ گرنگی پێگەی کورد وەك پێکهاتەیەکی گرنگ لە عێراقدا، یاخود ئەم سووربوونەیان لە ناچارییەوەیە؟ بێگومان ئەوە جێگەی خۆشحاڵییە کە لایەنە عێراقییەکان گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە بەشداری کورد لەپرۆسەکەدا گرنگە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە عێراق بەرەو داهاتوویەکی گەش هەنگاو هەڵدەگرێت. بەڵام بەداخەوە هەندێك لە چاودێران پێیانوایە ئەو هەڵوێستە لە قەناعەتەوە نییە و لە ناچارییەوەیە، هەر بۆیە لایەنی کوردستانیش لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەشداربوونی خۆی لەحکومەتدا بە هەڵواسراوی هێشتۆتەوە، سەبارەت بە رۆڵ و سەنگی کورد لەم پرۆسەیەدا تێڕوانی لایەنی لیستی دەوڵەتی یاسا کە لەهەمووان نزیکترە کاندیدی ئەو لیستە حکومەت پێکبهێنێت، عەلی عەلاق بەمجۆرە هەڵوێستی لیستی یاسای سەبارەت بەبەشداری کورد لە پرۆسەکەدا خستە روو: ((بەلای کەمەوە ئێمە لە لیستی دەوڵەتی یاسا و لە هاوپەیمانێتی نیشتیمانی درك بە گرنگی هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانیدا دەکەین و لەگەڵ ئەوەداین کە بەشداری لە حکومەتی داهاتوودا بکات و رۆڵی جەوهەری و سەرەکی خۆی ببینێت،



لە عێراقدا دەستوور هەیە و یاساکان تەحەکوم بەم وڵاتەوە دەکەن و حکومەتێک هەیە کە دەسەڵاتی تەواوی هەیە ئەم قۆناغە لە دەستووردا بە قۆناغی ئینتیقالی و بە قۆناغی بنیادنانەوە ناونراوە

تەنانەت ئێمە زۆر بە توندی پشتگیریمان لە پاڵێوراوی هاوپەیمانی کوردستانی بەڕێز مام جەلال کرد بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار. هەروەها سەرکردەکانی ئێمە باس لەوە دەکەن کە داواکاریە دەستوورییەکانی کوردەکان داواکاری سرووشتین و ئێمەش ئامادەین لە ژێر سەقفی دەستووردا گفتوگۆ بکەین و هەر چارەسەرێکی دەستووریش هاوپەیمانی کوردستانی تەبەنی بکات، ئێمەش تەبەنی دەکەین)). ئەم قسەیەی بەڕێز عەلی عەلاق تەواو هاوشێوەی قسەکانی سەرکردەیەکی دیکەی لیستی دەوڵەتی یاسایە کە هەفتەی پێشوو رایگەیاند ئەوان وەك لیستی دەوڵەتی یاسا ئامادەن گەرەنتی بدەن بەکورد کە برگەکانی دەستووری عێراق جێبەجێ دەکەن، بۆ زیاتر جەختکردنەوە لەسەر ئەم لایەنە بەڕێز حاچم ئەلحەسەنی کە ئەویش وتەبێژی لیستی دەوڵەتی یاسایە بۆ ئەم راپۆرتە بەم شێوەیە رایگەیاند و وتی: ((پێموایە بەشداری کوردەکان گرنگە، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، لەبەر ئەوەی کوردەکان شەریکن لەم وڵاتە و شەریکن لە حوکمدا و هیچ ژیری و حیکمەتێکی تێدانییە پشتگوێ بخرێن. هەر لەم روانگەیەشەوە داوا دەکەم پۆست و مەکانەتێکیان پێبدرێت کە بگونجێت لەگەڵ سەنگی سیاسیاندا، کە ئەمە داواکاری زۆرێك لە لایەنە سیاسییەکانیشە)). کەواتە لێکچوونی لێدوانەکان و جەختکردنەوە لەسەر خاڵێکی گرنگ، نیشانەی ئەوەیە کە لیستی دەوڵەتی یاسا وەك کاندیدی یەکەم بۆ دروستکردنی حکومەتی داهاتوو خۆی تەیار کردووە، ئەمەش لەو لایەنەوە ئەمەی لێدەخوێنرێتەوە کە تێڕوانینی تاریق حەرب بۆ هەمان مەسەلە و بۆ ئاستی بەشداریی کورد لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا هەندێك جیاوازی تێدایە و سەبارەت بەم پرسە تاریق حەرب بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خستە روو: ((ئێمە دەزانین کوردەکان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ و قەوارەیەکی سیاسی گەورەن، لەوەش زیاتر تێکڕای لایەنە کوردییەکان لێکنزیکبوونەتەوە و جۆرێك لە ئیئتیلافیان پێکهێناوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێشتا تێڕوانینە سیاسییەکان و هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق زۆر پەرش و بڵاون، ئەوا کوردەکانیش هەڵوێستی چاودێریکردن و چاوەڕوانیان گرتۆتەبەر. پێموایە دەبوو کوردەکان بەشدارییەکی بەهێزتریان بکردایە و هەڵوێستی خۆیان بۆ پشتگیری کردن لە لایەنێکی دیاریکراو ئاشکرابکردایە، بۆ ئەوەی ئەنجامێکی دیاریکراو بەدەست بهێنن، چونکە ئەو ئاراستە سیاسییەی ئێستا دروستبووە، لە دوای کۆبوونەوەکەی مالیکی و عەللاوی بەلای کەمەوە لەم ساتەوەختەدا لەگەڵ خواستی کوردەکاندا یەك ناگرێتەوە)). ئەمە ئەو تێڕوانەیە کە بەئاشکرا ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە پرۆفیسۆر

**ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانەوە هەبێت، ئەمە یەکێکە لە گرێکوێرە سیاسییەکان و چارەسەرکردنیشی پێویستی بەوە هەیە لایەنەکان لێبوردەیی و مرونەت بنوێنن**



عامر حەسەن فەیاز بە گومانەوە سەیری دەکات و لە خۆی دەپرسێت ئایا پێویستی بەشداربوونی کورد لە پرۆسەکە قەناعەتە یان ناچارییە؟ راشکاوانە تاریق حەرب لە وەڵامەکانیدا نایشارێتەوە کە تێڕوانیان بۆ بەشداری کورد لە پرۆسە سیاسییەکە ناچارییە نەك لە قەناعەتەوە.

**هەڵوێستی ئەمریکا لەسەر پرۆسەکە**

ئەمریکا ئەگەر رۆڵی ساڵی ٢٠٠٦یشی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا نەمابێت و وەك دەڵێن ئەو رۆڵەی ئەوکاتە ئەمریکا هەیبوو، ئێستا نەیماوە. بەڵام ئەگەر کار بگاتە ئەوەی لایەنە عێراقییەکان نەگەنە هیچ رێکەوتنێك و نەتوانن حکومەت پێکبهێنن، ئەوا ئەویش بێدەنگ نابێت و وەك یاریزانێکی سەرەکی دێتە ناو پرۆسەکە و رۆڵی خۆی دەگێرێت، بەتایبەتی کە ئێستا لەنێوان لیستی دەوڵەتی و یاسا و ئیئتیلافدا جۆرە ئاڵۆزییەك هەیەو نەیانتوانیوە تائێسا کێشەی کاندیدکردنی سەرۆك وەزیران یەکلاییبکەنەوە، کە بە بڕوای هەمووان هەتا کێشەی کاندیدکردنی سەرۆك وەزیران یەکلایی نەبێتەوە، مەسەلەی کاندیدکردنی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی کۆمار یەکلایی نابێتەوە. سەبارەت بە کێشەکانی نێوان دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلاف، عەلی عەلاق بەمجۆرە شێوازی کێشەکەی بۆ ئەم اپۆرتە خستەروو:

((کێشەکە ئەوەیە ئەگەر نەتوانین لە ماوەی چەند رۆژی داهاتوودا بگەینە رێککەوتن و سەفقەیەکی سیاسی لەسەر هەرسێ پۆستە سیادییەکە، رەنگە ئەو کاتە کێشە رووبدات ئەگەر دووبارە بچینە پەرلەمانەوە بێئەوەی گەیشتبێتینە تەوافوق و رێککەوتن لەسەر پاڵێوراوی سەرۆك وەزیران، ئەو کاتە دووچاری تەنگژە و کێشەی دەستووری و یاسایی دەبینەوە. دووبارەی دەکەمەوە کە لایەنە سیاسییەکانی عێراق درك بەم مەترسیانە دەکەن و جددین لە گفتوگۆکان و لە گەیشتن بە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە.. ئێمە بەوپەڕی پەرۆشییەوە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە ئیئتیلافی نیشتمانی پاڵێوراوی خۆی یان پاڵێوراوەکانی خۆی دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی هەڵبستین بە جێبەجێکردنی ئەو میکانیزمەی لەسەری رێککەوتووین بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پاڵێوراوەی زۆرترین شانس و دەرفەتی هەیە بۆ ئەوەی ئەم پۆستە بگرێتەدەست، کە ئەویش لە رێی ئەو لیژنەیەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت کە ناو نراوە لیژنەی گفتوگۆکار و لە ١٤ کەس پێکهاتووە)). کەواتە

لایەنی کوردستانیش لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەشداربوونی خۆی لەحکومەتدا بە هەڵواسراوی هێشتۆتەوە



ژماره (٧٨٨)
٢٠١٠/٧/٥



**داواکاریە دەستوورییەکانی کوردەکان داواکاری سرووشتین**

**کوردەکان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ و قەوارەیەکی سیاسی گەورەن، لەوەش زیاتر تێکڕای لایەنە کوردییەکان لێکنزیکبوونەتەوە و جۆرێک لە ئیئتیلافیان پێکهێناوە**

ئێستا کێشەکە گەیشتۆتە ئەوەی دەبێت لەماوەی چەند رۆژێکدا یەکلاییکرێتەوە، بەڵام دیسان کێشەکە هەر بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە لەبەر ئەوەی لەوانەیە دەوڵەتی یاسا بێجگە لە کاندیدکردنەوەی مالیکی بە کاندیدێکی دیکە رازی نەبێت سەبارەت بە سووربوونی لیستی دەوڵەتی یاسا، لەسەر ئەم پرسە حاجم حەسەنی بە راشکاوییەوە بەم راپۆرتەی راگەیاند: ((درێژەکێشانی ئەم مەسەلەیە_یەکلانەکردنەوەی کاندیدی پۆستی سەرۆك وەزیران_دەبێتەهۆی ئاڵۆزبوونی کێشەکان، لەو باوەڕەدانیم کاندیدێکی دیکە لەبری د.مالیکی دەستنیشان بکرێت، لەبەر ئەوەی پێشتریش و ئێستاشی لەگەڵدا بێت کێشەکە پەیوەست بوو بە کەسایەتی د.مالیکی-ەوە، مەبەستم ئەوەیە مالیکی کەسێکی ئاسایی نییە، ئەو خاوەنی نفووز و ئیمکانییەتێکی زۆرە و دەبێت ئەمەش بە هەند وەربگیرێت)). ئەوەی لەم کێشەیەدا مەترسی دروست دەکات یان دەبێتە فاکتەرێك کە زیاتر پرۆسەکە بەرەو ئاڵۆزی ببات، وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت ئایا ئەمریکا تاچەند دەتوانێت بێتە ناو پرۆسەکە و لایەنەکان لەیەکتری نزیکبکاتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا حاجم حەسەنی بەم راپۆرتەی راگەیاند کە رۆڵی ئەمریکا لەم پرۆسەیەدا گرنگە و نابێت نادیدەی بگرین و وتی: ((پێموایە پێش ماوەیەك ئەمریکا دەستی بەوە کردووە رۆڵی لەم چەشنە ببینێت و بە باوەڕی من ئەمەش شتێکی گرنگ و ئیجابیە و دروست نییە خۆمانی لێ نادیدە بگرین. لەو کەسانەم بانگەشەی ئەوە دەکەم کە دەبێت رۆڵێکی جیهانی هەبێت لە عێراقدا و بۆچوون و کاریگەری خۆی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقدا)). هەروەها عەلی عەلاق-یش بە جۆرێکی دیکە ئەوە ناشارێتەوە کە پێیان باشە ئەمریکا لەم پرسەدا بەراشکاوی هەڵوێستی خۆی دیاری بکات، دەربارەی ئەم پرسە تایبەت بەم راپۆرتەی راگەیاند: ((تا ئێستا ئەمریکا بەروونی خواستی خۆی دەرنەبڕیوە بۆ دەستێوەردان لە پرۆسەکەدا، هەروەها لەگەڵ ئەوەداین کە گفتوگۆکان گفتوگۆی عێراقی و نەتەوەیی و نیشتمانی بن، ئەمە ئەگەرچی لایەنێکی دیاریکراویش داوای ئەوەی کردبێت هێزێکی دەرەکی ئەم رۆڵە ببینێت، بەڵام زۆرینەی لایەنە عێراقییەکان لەگەڵ ئەوەدان کە گفتوگۆکان لەنێو خودی عێراقییەکان خۆیاندا بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گوێ بۆ سەرنج و پێشنیاری وڵاتانی دراوسێ، وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان و لە نێویاندا ئەمریکاش دەگرین، بەڵام بە نێودەوڵەتیکردنی ئەم کێشەیە دەبێتە مایەی لاوازبوونی پرۆسەکە و بێڕێزیکردنە بە دەستووری عێراقی، هەروەها ئەمە لاوازکردنی سەروەریی عێراقە، چونکە ئێمە بە گەلی خۆمان و بە دەستووری خۆمان و بە پرۆسەی دیموکراتی خۆمانەوە بەهێزین و پێویست بە دەستێوەردانی هیچ لایەنێك ناکات، تەنانەت ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکانیش بێت)). بەڵام تاریق حەرب بۆچوونێکی دیکەی هەیە و پێیوایە ئەمریکا ناتوانێت لەم پرۆسەیەدا رۆڵێکی ئەتۆ بگێڕێت و لەمبارەوە پێی راگەیاندین: ((لەو باوەڕدانیم ئەمریکا بتوانێت لەم پرۆسەیەدا هیچ رۆڵێك بگێڕێت، بە بەڵگەی ئەوەی ئەمریکا پێشتر لە مەسەلەیەکی بچووکتردا دەستێوەردانی کرد و شکستی هێنا، کە ئەویش فشار دروستکردن بوو بۆ ئەوەی زافر ئەلعانی و سالح موتلەگ لە لیستی پالێوراوەکان دوورنەخرێنەوە، ئێستا چۆن دەتوانێت لەم مەسەلە گەورەیەدا دەستێوەردان بکات، دواتر سیاسەتی سەرۆك ئۆباما روونە، ئەمریکا خوازیاری ئەوە نییە لایەنێکی دیاریکراو بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێت، ئامانجی ئەمریکا تەنیا ئەوەیە یارمەتی عێراقییەکان بدات لە جوڵاندنی پرۆسە سیاسییەکە و لە پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ، واتە بەلای ئەمریکاوە گرنگ نییە چ لایەنێك دەسەڵات دەگرێتە دەست، بە مەرجێك پرۆسە سیاسییەکە بەردەوام بێت، سیستمە دیموکراتییەکە بەردەوام بێت و ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیانی عێراق بپارێزرێت)).

## مەزندەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو

دوای هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا حکومەتی بەریتانیا لە کاتێکی زۆر پێوانەییدا پێکهات، کریستۆفەر هیل ئەو پرۆسەیەی بە ٥ کاتژمێر مەزندە کردووە، بۆیە راشکاوانە دەڵێت ئەوەی لە لە بەریتانیا بە ٥ کاتژمێر کۆتایی دێت، پێدەچێت لەعێراق ٥ مانگ بخایەنێت، ئەم قسەیەی هیل مەزندەیەکی تازە نییە، لەبەر ئەوەی ناوەندەکانی توێژینەوەی ئەمریکا ( برۆکینگز و ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك) هەر لەمانگی ئادار و نیسانی رابردووەوە ئاماژەیان بەوە کردووە کە کارێکی باشە ئەگەر عێراقییەکان بتوانن هەتا کۆتایی مانگی ئابی دادێ حکومەتی تازە پێکبهێنن، ئیدارەی سەرۆك ئۆباماش ئەو ماوەیەی وەك راستییەك لەبەرچاو گرتووە و ئەو مەزندەیەی سەلماندووە کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت لە ماوەی ٥-٦ مانگ کەمتر بتوانرێ حکومەتی تازە پێکبهێنرێت، هۆکاری ئەمە بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ شلۆقی پرۆسەی سیاسی لەعێراق و نەبوونی متمانە لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت پرۆسەی سیاسیی عێراق بەو ئاستە نییە کە پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بتوانن بەرێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، هەروەها هەتا ئێستا دیدگایەکی روونی هاوبەش لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکاندا بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق لەئاسۆدا دیار نییە، یان لانی کەم دەستوورەکە وەك نەخشەی رێگە بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی سەیر بکەن، کەواتە کاتێك لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکاندا بنەمای هاوبەش و خاڵی هاوبەش بەو ئاستە نەبێت کە لانی کەمی داخوازییەکانی هەر پێکهاتەیەك لە خۆی بگرێت، ئەوا لەو کاتەدا پێویست بەوە دەبێت کە لایەنێك ئەو زەمینە هاوبەشە دروست بکات بۆ ئەوەی لایەنە سەرەکییەکان بتوانن لەدەوری ئەو زەمینەیە کۆببنەوە و لانی کەم بگەنە رێککەوتنێك، هەر بۆیە گەیشتن بەو زەمینە هاوبەشە کاتی دەوێت و پرسیاری ئێمە لەم راپۆرتە سەبارەت بەوەیە ئایا عێراقییەکان مەزندەیان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو چ کاتێك دیاری دەکەن، لەمبارەوە بەڕێز عەلی عەلاق بەمجۆرە مەزندەی خۆی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق خستە روو و وتی: ((گەشبینم بە پرۆسە

سیاسییەکە، ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی هەڵکشان و بەرەوپێشچوونی پرۆسەکە، کە ئێمە لەسەرەتاوە رووبەڕووی تەحەددی گەورە بووینەوە، کە هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تاوەکو ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ رووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی تیرۆر و شەڕی ناوخۆیی بووینەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا دواتر سەقامگیرییەکی ئەمنی رێژەی گەورە دروست بوو کە ئەمە رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر سەقامگیری سیاسی و دواتریش هەڵبژاردن ئەنجامدرا، کە دەستکەوتێکی گەورە بوو، ئەمەش ئاماژە بوو بە سەقامگیری سیاسی، هەروەها ئەگەر لە گفتوگۆی نێوان لایەنەکان بروانین، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت بە گیانێکی برایانە بە گیانێکی بەرزی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە ئەمکارە ئەنجام دەدەن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە پرۆسەی سیاسی بە ئاڕاستەی راست و دروستدا دەڕوات. هەروەها بوونی ناکۆکیش شتێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی عێراق لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندایە و ئاساییە ئەو دواکەوتنە لە گەیشتن بە رێککەوتن و تەواوفق روودات، بەڵام لە کۆتاییدا عێراق دەبێتە ئامانجی یەکەم و ئامانجی سەرەکی، لەبەر ئەوە گەشبینم لەم رووەوە)). بەڵام تاریق حەرب وەك پسپۆڕێکی یاسایی زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت ماوە دەستوورییەکەی دانراوە تێنەپەڕێت و لەمبارەوە وتی: ((پرۆسە سیاسییەکە بەردەوام و دیموکراسیەتیش بەردەوامە، راستە دواکەوتن و خاوبوونەوە لە پرۆسەکەدا هەیە، بەڵام ئەمانە نابنەهۆی ئەوەی عێراق لە داهاتوودا وەك نموونەیەك بۆ وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی و بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربکەوێت، راستە خزمەتگوزارییەکان وەك پێویست نین، راستە ئاستەنگ و بەربەست هەیە لە پرۆسە سیاسییەکەدا، بەڵام لە داهاتوودا عێراقێك دروست دەبێت کە سەرەتا جێی شانازی عێراقییەکان و دواتر جێی شانازی وڵاتانی دیکەش دەبێت. سەبارەت بە ماوەی پێکهێنانی حکومەتیش بەلای کەمەوە دەبێت لەو وادە دەستوورییەی دیاریکراوە، سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك کۆمار یەکلابکرێنەوە)).



**زۆرینەی لایەنە عێراقییەکان لەگەڵ ئەوەدان کە گفتوگۆکان لەنێو خودی عێراقییەکان خۆیاندا بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گوێ بۆ سەرنج و پێشنیاری وڵاتانی دراوسێ، وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان و لە نێویاندا ئەمریکاش دەگرین**

**سیاسەتی سەرۆك ئۆباما روونە، ئەمریکا خوازیاری ئەوە نییە لایەنێکی دیاریکراو بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێت، ئامانجی ئەمریکا تەنیا ئەوەیە یارمەتی عێراقییەکان بدات لە جوڵاندنی پرۆسە سیاسییەکە**